# ئەگەرو گریمانەکانی دوای شەر چی دەگەیەنن؟!

هاشم عەبدوڵڵا محیدین

سێیەمین شەری کەنداو بەلەناو چوونی سەدام و ڕژیمەکەی تەواو دەبێ، دوای کۆتایی شەر دەبێ هیمنیو ئاسایش بۆ عیراقیەکان دابینبکرێو پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە سەر مەشقی کارە هەرە لە پیشەکان بێ.

بەڵام ئایا ئەو هاوکیشەیە هەروا بەسوك و هاسانی دەستی پیدەکرێو سەرکەوتوو دەبیت؟! بیکومان وەرامی ئەو پرسیارە خۆی لە شیکردنەوەی ئەگەرو گریمانەکانی دوای جەنگ لوولداوە.

ئەگەر لەماوەیەکی کورتی داهاتوودا، شەر بەسەرکەوتنی هاوپەیمانان و تیاچوونی سەدام کۆتایی بێ، بۆ قۆناغی ئایندە گوێ لە ئۆپۆزیسیۆنی کلاسیك ناگیرێ و باوەرناکرێ لەشەوو رۆژیکا کورسی حوکم بەوانە بسپیردریت کە بەشداری کاریگەریان لە روخانی (سەدام) دا نەبووە، ئەگەر چی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لە خەوێ خۆبەزلدانیندا تلاوەتەوە، بەڵام بۆ ئەمریکا ئاسانترە کە بەدوای ستافی (پاچەچی) و هاوشیوەکانیدا بگەرێ کە هاورای وڵاتانی کەنداوو ئەوروپاشی لەسەرە .. لەو حالەتەدا ئۆپۆزیسیۆنی کلاسیك هیندەی بۆ دەمینیتەوە لە چاوەروانی گۆدۆی هەلبژاردندا هەلبکورمێو لە مەرگی هیواشی خۆی بروانیت.

ئەگەر شەر دریژەی بکیشی، و بەکردەوەش چەند هیزیکی ئۆپۆزیسیۆنی کلاسیك بەشداری تیدا بکەن، لەوانەی ئەمریکا سووکە

## لەوانەیە سێ حاکم بۆ سێ هەریمی ( شیعە ، سونە ، کوردستان ) دابنرێ

پاداشتیان بداتەوەو چەند وەزارەت و نیمچە دەستەڵاتیکیان پێ رەوا ببینێ.

ئەگەر شەر دریژە بکیشێو هاوپەیمانان قوربانی زیاتر بدەن لەوەی کە خۆیان بۆ ئامادە کردووە ئیدی جگە لەدریژەدانی رەوتی بەرهەلستکاری هیچ ریگەیەك لەبەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کلاسیك نامینیتەوە.

ئەوکاتە ئەمریکا ناچار دەبێ کە راستەوخۆ حاکمی سەربازی دیار بکات و خەلکی عیراقیش بۆ ساریژکردنی زام و کارەساتەکانی سەردەمی رژیم و ئاوەدانکردنەوەی کاولکاریەکان ئەو جیگرە بە باشترین و گونجاوتر بنرخینێ.

بەهۆی تایبەتمەندیەکانی پیکهاتەی گەلی عیراق و هەلکەوتەی شوینی جوگرافیای لەلایەك و دروستبوونی ئەودرزەی نیوانیان و لەبەرچاو گرتنی رەوشتی تایبەتی گەلی کوردستان و قوربانیە زۆرو زەوەندەکانی لە لایەکی ترەوە، ئەمریکا ناچار دەبێ ئیدارەیەکی ئەوتۆ بۆ عیراق دروست بکات کە وەڵامدەرەوەی بەشیك لە خەون و ئاواتەکانی گەل و نەتەوەکان بێ، ئەمەش خۆی لەچەند ئیدارە و هەریمیکی جیاواز دەبینیتەوە.

ئەگەر ئەمریکا پەلە لەسەرکەوتنی سیاسەت وپلانەکانیدا بکات، لەوانەیە سێ حاکم بۆ سێ هەریمی (شیعە، سونە، کورستان) دابنێ، هەرچەندە ئەو کاتە لە لایەن وڵاتانی عەرەبیو سونەی عیراقی (سەبارەت بەدوو هەریمی عەرەبی لەسەر بنەمای مەزهەبی)، روو بەرووی نارەزاییو رەخنە دەبیتەوە.

وڵاتانی عەرەبی هەر لەئیستاوە ئەم ئەگەرە دەخویننەوەو زۆر لیبراوانە بۆ عیراقی یەکگرتوو، یان یەك هەریمی عەرەبی لە نیو سنووری عیراقدا تیدەکۆشن و لەو بوارەشدا هیزو توانا و گوشاری خۆیان دەکار دەکەن و بەدوای جیگرەوەیەکی گونجاوو هاورا دەگەرین.

یەك هەریمی عەرەبی ناو چوار چیوەی عیراقی داهاتوو بە ئاسانی ناخویندریتەوە گریمان و ئاشمانی دیکەدا بەدوای خۆیدا کیش دەکات.

زۆرینەی عەرەبی عیراق شیعە مەزهەبن، ئەگەر هیزە مەزهەبیەکانیان بگەنە کورسی دەستەڵاتی بەغداد، گرفت و ئاریشی گەورە بۆ وڵاتانی کەنداوو خودی ئەمریکاش دیتە ئاراوە.

لەلایەکەوە خویندنەوەو لەیەکتیگەیشتن لە نیوان شیعەکانی عیراق و ئیران ولوبناندا هەیە، بەمەش دوژمنایەتیەکی گەورەو بەهیزتر بۆ ئیسرائیل و داگیرکردن پەیدا دەبیت، لەلایەکی دیکەشەوە ورەو گیرقی شیعەکانی وڵاتانی عەرەبیو جیهانی بەرەو هەوراز هەلدەکشیو دوژمنایەتیەکی گەورەتر بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی دروست دەکا.

گریمان سەرۆکی داهاتووی عیراق عەرەبیکی سونە دەبێ (هەر وەك ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی لەسەریدا هاوران) و دەستەڵاتی رەهاش لەدەستی ئەواندا دەمینیتەوە)، ئەو کاتە دەنگی نارەزاییو مەزلومیەتی شیعەی زۆرینە بەرز دەبیتەوە، دوور نییە راپەرینی جەماوەری لە باشوری عیراق بەرپابێو بەرپیگرتنیشی ئاسان نەبێ.

گریمان ئەمریکا و دەستەڵاتی داهاتووی عیراق، تایبەتمەندیەکانی باشوری کوردستان و داخوازیەرەواکانی گەلەکەی لەبەر چاو ناگرن، ئەوکاتە گەل دریژە بە تیکۆشانی خۆی دەدات و لەسەروە

دەستهینانی مافەرەواکانیدا سوورتر دەبێ، بەلەبەر چاوگرتنی پیودانگی سیستەمی جیهانی نوێ ومافی مرۆڤ وکاودانی نیودەولەتی دەستەڵاتدارانی بەغداد ناچار دەبن لەبەرامبەر بەشیك لە داخوازیەکانی گەلی کوردستان چۆك دابدەن.

گریمان ئەمریکا بۆ ماوەی دوو ساڵ راستەوخۆ حوکمی عیراق دەگریتە ئەستۆی خۆیەوە، (چ عیراقیکی یەکگرتوو، چ سێ هەریمی) و هەوڵ بۆ هەلبژاردنیکی ئازاد دەدات و ریگەی لیکترازان و هاویر بوون نادات، بەڵام ئەمەشیان خۆی لەخۆیدا زەمینەی بریاردان لەچارەنووس و هاتنە

## نەشیعەی زۆرینە بە حوکمرانی سونەو نە کوردیش بە حوکمرانی عەرەب رازی دەبیت

پیشەوەی ریفراندۆم و یەکلاییکردنەوەی کیشەکان بە دیالۆك و ئاشتیانە دەرەخسینێ، لە دوا ویستگەدا نەشیعەی زۆرینە بە حوکمرانی سونەو نە کوردیش بە حوکمرانی عەرەب رازی دەبیت و سەر ئەنجام بەرەو سێ هەریمی کۆنفیدراڵ یان سەر بەخۆ خشکە دەکات.

گریمان بەرنامەی ئەمریکا مانەوەی دریژ خایەنی سەربازیە لە عیراقدا، ئەوکاتە هەستی نیشتمانپەروەری شیعەو دەمارگیری رەگەزی عەرەبی سونە دەخرۆشێ و گرفت بۆ دەستەڵات و مەرامەکانی ئەمریکا دروست دەبێ، ئایا ریی تیدەچی ئەمریکا ئەو هەموو قوربانیە بدات و سەدام بروخینێو بەسووك و هاسانی لە هاوکیشەکە بکشیتەوەو بەخۆرایی داهاتوی عیراق بەکەسانی دەمارگیرو کۆنەخواز بسپیری؟!

بۆ سەپاندنی سیستەمی نویی جیهان و دریژە دان بەشەری تیرۆر، ئەمریکا پیویستی بە سەرکەوتنیکی بابەتی لەشەری ئازادکردنی عیراق و بەریوەبردنی ئیدارەی داهاتووی عیراقدا هەیە، بیگومان ئەم سەرکەوتنانەش بەبێ چارەسەرکردنی ریشەیی کیشەی نەتەوەیی گەلی باشوری کوردستان و سرینەوەی مەزلومیەتی شیعەی زۆرینە لە عیراقدا وەدی نایەت.

ئەمریکا ئامادە نیە بۆ هەتا هەتایە خۆی بە گرفت و کیشەکانی ناوخۆی عیراقەوە خەریك بکات و هیزو توانای خۆی پەرتەوازە بکات و نەپرژیتە سەر گرفت و کیشە گرگرتوەکانی دیکەی جیهان.

ئەمریکا بۆ ئەوەی بەجیهان و کۆمەلگەی مرۆڤایەتی پیشانبدات کە دەکارێ کویخایەتی دونیا بکات و توانای بەریوەبردنی ململانیو جیهانی تاکتەوەرەیی هەیەو بیباکانەش دریژە بەشەری تیرۆر دەدات، گەرەکە عیراقی دوای شەرو دیکتاتۆریەك بکاتە نموونەیەکی کەمهاوتای ئەوتۆ کە هەمووان ئیرەیی بێببەن.

دوای خویندنەوەیەکی خیرای هەندێ لەو ئەگەرو گریمانانە، دەگەینە ئەو باوەرەی کە بەختی عیراقیان بەگشتیو کوردستانیان بەتایبەتی روو لە گەشبینیەو کویرەوەریەکان بەرەو کۆتایی خلۆر دەبنەوەو، ئاسودەیی و بەختەوەریش بەتاو دیت.

***

# فاکتەرەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی هەنوکەش چارەسەر نەکراون

حەمە غەریب حەمە تۆفیق

بەشی دووەم

لەروی ئاینییەوە هەموو مرۆڤەکان بەجیاوازی رەگەزیوئەتنیورەنگ وزمان وهتد،یەکسان وچون یەکن وهەموویان لەدایکە حەواو باوکە ئادەمن وهیچ رەگەزو نەتەوەیەکیش هەقی ئەوەی نییەئەوانی دیکە کۆیلەوبندەست بکات.هەرچی جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤیشە ئەوا زۆر بەرونی پیی لەسەر مافە بنەرەتییەکانی هەموو گەل ونەتەوەو ئاینەکان داگرتووەوداوای چارەسەری بنەرەتیوعادیلانەی سەرجەم کیشە نەتەوەییەکانی دونیا دەکات،بۆیە دەلین هەموو گەل ونەتەوەیەك لەسەرانسەری جیهاندامافی خۆیەتی دەولەتی نەتەوەیی خۆی هەبیت.گەلی کوردیش یەکیکە لەونەتەوەگەورەومیژووییانەی کەزیاتر لەیەك سەدەیە خەبات دەکات بۆ ئەو ئامانجەوبەلام تاکو هەنوکەش بەو ئاواتەی نەگەیشتووە.

جیگەی داخە کەبەدەگمەن گەل ونەتەوەیەك ماوە دەولەتی خۆی نەبیت ولەسەردەمی جیهانگیری وباهۆزی دیموکراتیشداهیشتا نەحزبە سیاسییەکانی کوردستان ونەریبەرە رۆحانییەکان وبگرە رۆشنبیرانیش حەق بەخۆیان نادەن باس لەدروستبوونی دەلەتی کوردی بکەن،ئەمەش مانای وایەهەنوکەش فاکتەرە سەلبییەکانی دروستنەبوونی دەولەتیکی کوردیهەروا ماون وبنبرنەکراون.

هەلبەتە فاکتەرەبنەرەتیەکان کەتایەتن بەدروستنەبوونی حوکومەتی نەتەوەیی کورد دووجۆرن خودیودەرەکی، هەرچی فاکتەری دەرەکیە ئەوا پەیوەستە بەهەلومەرجەبابەتییەکانی جیهان وناوچەکەوە ئەمەیان تاکو رادەیەك جیگەی بایەخەو ناکری مەسەلەی هەلو مەرجی بابەتی هەم جیهان وهەم ناوچەکەش رەچاو نەکری،بەلام ئەوەش جیگەی داخە کەلەپەیرەو وبەرنامەی حزبە سیاسییەکانی سەر گۆرەپانی کوردستاندا باس لەدەولەتی کوردناکریودروشمەکان لەنیوان ئۆتۆنۆمی و ویلایەتی ئیسلامی وفیدرالیەتدا چەقیان بەستووە. پیش شەری چالدیران لە٢٣ی‌ئابی١٥١٤ کەلەنیوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیودەولەتی سەفەویئیرانیدا رویداوەوعوسمانیەکان بەسەر ئیرانییە سەفەوییەکاندا سەرکەوتن کورد دەولەتی خۆی نەبوو،بەلام یەکپارچەبووبەلام ئەو شەرەنەگریسەو ئەو سەرکەوتنە نامو بارەکە بوون بەهۆی کەرتکردنی نیشتمانی کورد بەسەر دووپارچەدا، هەرپارچەیەکیان کەوتە ژیر رکیفی یەکیك لەوودوو داگیرکەرە زلهیزەی ناوچەکەوە.هەلبەتە هەردوابەدوای ئیمزاکردنی پەیمانی زەهاو لەنیوان هەردوو داگیر کەری عوسمانی وسەفەوییەوەزۆر بەپەلەو خیرایی ناوەرۆکەکەی جیبەجی کراو بەداخیکی گرانیشەوەدوای سەرکەوتنی هاو پەیمانەکان لەجەنگی جیهانی یەکەمدا لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەرەی هاوپەیمان کەپیشتر بەلینی دروستکردنی دەولەتیکی کوردییان دابوو، بەلام دوای دەرکەوتنی سەرچاوەی نەوت لەکوردستان پاشگەز بوونەوە، دەنا ئەگەر کەمی بگەرینەوە بۆ میژووی ئەو رۆژگارەئەوا میژوو شایەتحالی ئەوەیەکە(ویدرۆ ویلسۆن)سەبارەت بەمافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان١٤ خالی پیشنیازکردووناونوسی سی ولات وگەلی(ئەرمەنستان،کوردستان،عەرەبستان) یباسکردبووکەلەژیر رکیفی عوسمانییەکاندا بوون.لە٧/١١/١٩١٨ هەردوو حوکومەتی بەریتانیاو فەرەنسا بلاوکراوەیەکی هاوبەشیان بلاوکردەوەکەدەبی نەتەوەکانی بندەستی عوسمانی مافی چارەی خۆنوسینیان پیبدری.وەلە١٠ی‌ئۆگەستی١٩٢٠دا لەبرگەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ داوای دروستبوونی دەولەتیکی کوردی کراوە،ئەو پەیماننامەیە بەپەیماننامەی سیڤەر ناسراوە،بەهەر حال هەلومەرجە بابەتییەکان لەبارنەبوون بۆ بەدەستهینانی ئەوئامانجە.هەلبەتە فاکتەرەبنەرەتیەکەی دروستنەبوونی دەولەتیکی نەتەوەیی بۆ کورد لەو سەردەمەدا زیاتر پەیوەست بوو بەدۆزینەوەی نەوت لەسەر خاکی کورد.

ماوەتەوە بلیین ئەگەر پەیمانی زەهاو کوردی کرد بەدوو بەشەوە ئەوا داگیرکەرە رۆژئاواییەکان لەدوای پەیماننامەی (سایکس بیکۆ)لە٩ی٦ی‌مای ١٩١٦ لەنیوان (فەرەنسەوئینگلتەرەوروسیا) جاریکی تر کوردستان دابەشکرایەوە،بەلام ئەمجارەیان لەجاری پیشوو زۆر خراپتربوو چونکە هەرپارچەیەکی بوو بەکۆلۆنیالی یەکیك لەولاتە داگیرکەرەکاتی ناوچەکەو تاوەکو ئەمرۆش هیچ تروسکاییەك لەئارادا نییە،ئەگەر سەرنجی وردی لیبدەین ئەوا دەردەکەوی کەداگیرکەرە رۆژئاواییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەبریارەکانیان دەربارەی مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد پاشگەز بونەوە هەنوکەش ئەو بەرژەوەندیە هەرلەگۆریدایەو نەوتیش لەسەر خاکی کوردستان زیادی کردووە کەمی نەکردووە. ئەمەی ئیمە لیرەدا دەیلیین رەشبینی ونائومیدی نییە،بەلکو وشیارکردنەوەی خەلکە بۆ ئیستاو داهاتوو.